# تانا کۆڕا... دەعبای گۆشتخۆر... باخی سێوان

Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=US
Date: 2002.09.01 13:32:15 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

**بەختیارشاخی**
bshkhy@hotmail.com

زۆر لەمێژ نییە دەیناسم ،بەڵام لەو ماوەیەدا گەلێ شتی سەیرم لێبیستووە،ئەوێ رۆژێش لەگەڵ دوو سێ کۆنە برادەری خۆی مەجلیسیان گەرم کردبوۆ، وەکو عادەتی خۆم گوتم سلاوتان لێ بی،یەکێکیان لە جیاتی وەڵام گوتی:تەماشای پێیان عەیبە بڵێین سەلامو عەلێکوم و ئەویشیان گۆڕیوە،زانیم دیسان جەوەکەم لێ تێکداون گوتم:چییە دەڵێی لە ئیجتیماعان؟ (ئەبونەجیب)کە کاتی خۆی بۆ خۆ بردنە پێش ناوی خۆی گۆڕیوەو ئەوسا جگە لەوەی بە پێوەرەکانی ئەبوەکانی دیکە رۆشنبیر بووە لای خاڵیشی کە موستەشارێکی زۆر بەکاربوو ، دەمڕست و بە قەولی خۆی ئەمین سرڕی بووە و ئێستاش کە نانی خاڵی لە جاران چەور ترە ئەو ئەبونەجیبە نانەجیبەش بۆتە مودیر ئەعمالی،گوتی وەرە دانیشە هەی حازر خۆری بەر سێبەر. حاڵی بووم کە دیسان بەزمەو کای کۆن بەبا دەکرێتەوە،گوتم چییە نەجیبزادە دەڵێی سەرت لە گۆنگەڵان دەخورێ،شەڕی چیم پێ دەفرۆشی، ئەگەر لێبوردنی پێشمەرگەو خەڵک نەبا ئێستا لە کوێ دەبووی؟ بە تووڕەییەوە هاواری کرد: لێبوردنی تەڕەماش،ئەگەر خالم و ئەمسالی ئێمە ئینتیفازەمان نەدەکردئێستا زمانتان وا درێژ نەدەبوو، بە خودای بە خودای تاهەتایە دەبوو لەودیوبن،ئێوەش هەر باسی ئەمسالی خاڵم دەکەن خۆ ئەو جارانیش هەر دەوڵەمەند بوو،ئێستاش بۆ خۆی کاسپیێ دەکاو شکور مەنسەبیشی هەیە ،ئێ دیارە دەزانن کەفوئە بۆیە کاری چاکیان داوەتێ و ئیدە خۆشو کەس (......)یان بەکلاوی ناپێوێ،ئەتۆش قسێکی بۆ خودای بکە ئەگەر ئەمەو خەڵکی وەکەمە ئینتیفازەن نەکردبا ئێستا ئەتۆو ئیدەوەکەتو لە کوێ دەبوون؟ وەڵڵاهی یان لە کوورە خانەی دەبووی یان نۆک و سێوت دەڕنینەوە دەی. ویستم قسان بکەم گوتی راوەستی ئەمن لە خۆڕا ناڵێم هەقە لەسەر ئیدەخۆ بنووسن،فەرموو فلانەکەس کە ئێستا مەنسولە توخودا لەودیوی چیدەکرد؟( رووی کردە برادەرەکانی و) بە قاقایەکەوە گوتی : وەڵڵاهی رۆژێ بەدرێژایێ رۆژێ دەینەڕاند{: تاناکۆڕای خاریجی... تێگەڕێ بە دە تمەنی} ،ئێستاش هێندەی هەیە وەختە مشکی تێوەرێن.ئەدی فلان خودا دەزانێ دەڵێن سەرکارگەر بووەو باخی سێوانی بە ئیجار دەگرت،ئێستاش سیچوار مەزرەعەی هەن و مۆڕە لە سێبەری خۆشی دەکات.فلانەش خەبیری نۆک هەڵقەندنێ بووەو ئێستا لە بەر سکرتێرە کانی نایگەییی.ئەوی دی کەلەباب خوێنان دەهاتە سەر جادەی و هاواری دەکرد( نەغەدە سەواری)و ئێستا قافڵەی سەیارانی ڤیزەیان دێ.دەی چیدیکەت بۆ بژمێرم؟بۆ ناشکورێ دەکەن؟ئەمە هێنانەوەو لەسەر خۆن کردنە پاشا واش هەر زاردەکەنەوە رەفیق و مەفیقە.بەخودای عەرەب لە خۆڕا نەیانگوتووە (اتق الشر من احسنت اليه) ،بەڵام بەخودای هەموو دەعبا گۆشت خۆرنو نێوی گورگی بەدەرە.گوتم برالە ئەگەر لێم گەڕێی ئەمنیش دووقسان دەکەم،قسەم لەسەر ئەوە نییە خاڵت و برادەرانی بەخۆشی بێ یان بە ناچاری بەشداریی راپەڕینیان کردو هەندێکیان دەورێکی پیاوانەیان دیت ،لەجیاتی ئەوەش خەڵک و پێشمەرگە چاویان لە رابردوویان پۆشی و بەخشیانن.ئێ لەوە زیاتر چیان دەوێ ئێستاش وا جێی چاکیان گرتووە و ماشەڵڵا وەزعیان زۆر چاکەو دیوەخانانەش وەردەگرن، بێ لەوەش خۆ هەندێکیشیان لە مەسئولان مەسئولترن،بەڵام خۆ خەڵک لەبیری ناچێ کە چۆن هەڵیان دەکوتایە سەر پێشمەرگە و خەڵکی ناوشارو لادێ،تۆ کە ئەو نمونانە دێنییەوە نمونەش لەمن وەرگرە، ئەگەر فلانەکەس لەودیوی تاناکۆڕای دەفرۆشت ئەوا خاڵت و ئەمسالی ئەو لێرە سەری چەند شوانیان دەبڕی و بە ناوی پێشمەرگە دەیانفرۆشتنەوە،هەردووکی فرۆشتنە بەڵام ئەویان بۆ ئەوەی سەر بۆ دوژمن شۆڕ نەکات تاناکۆڕا فرۆشتنەکەی پێ لەوە باشتر بوو کە وەکو خاڵەکانت نیشتیمان و گەلەکەی بفرۆشێ،ئەگەر فلانەش لەوێ باخی سێوانی بە ئیجار دەگرت ئەوە خاڵەکانت لێرە دووسی گوندیان بە قۆنتەرات دەگرت و بە عەلی کیمیاییان دەگوت( گەورەم بە دووڕۆژان هەموانت بۆ تەخت دەکەم) ،زۆر شتی دیکەش کە نامەوێ وەبیری خەڵکی بێنمەوە، بەڵام وادیارە ئێوە دەتانەوێ خەڵک قەرزدار بکەنەوە.خۆ ئەگەر وابێت ئەوە دڵنیابە خەڵک قبوڵی ناکاو بەڕوتاندا دەتەقێتەوە.دوای ئەوەش هەموو کەس باسی قەسر و قەمەرە و مەزرەعەی مەسئولان بکات ئێوە بۆتان نییە قسە بکەن،ئەو راستیەش هەیە کە لەوانەی هاتونەتەوە تەنها ژمارەیەکی کەمیان پڕ بوونەو ئەوانەی دیکە بە کۆڵە مەرگی دەژین. ئەوەم گوت و هەستام هاتمە دەرێ گوێم لێبوو هەموویان پێکەوە هاواریان دەکرد(تاناکۆڕا ....باخی سێوان.... کوورە خانە......) منیش لەبەر خۆمەوە دەمگوت ئەوەیە دز خاوەن ماڵ بگرێ،بەڵام ناهەقیان نییە، ئێمە ئاوا لەبەر یەکدا بین ئەوان لە دەستیان بێ ئاودیومان دەکەن.